www.kurdistannet.org
24-8-2003 23:10

# یەك جیهان ، یان جەنگی كولتورەكان

## كێشەی تیرۆریزم و تێڕوانینی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات بۆ یەكتر

( نوسینی : سالار حەمە سور باسیرە / ئەلمانیا )

ناوەڕۆك

* تێڕوانینی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات بۆ یەكتر
*هۆ و ئەنجام
* لەهەر شوێنێك كێشەكان هێندە قول و توندوتیژ نەبن و زەمینەی ئارامی هەبێت ،
ئەوا لەو شوێنە دیموكراسیەت گەشە دەكات
* جیهانێكی نایەكسان
* ڕژێمی تیرۆریست دیاردەیەكی نوێ نیە
* ئیسلام وەك چەكێكی كاریگەر دژ بە كۆمۆنیزم
* ئیسلامی سیاسی لە كوردستانی عێراقدا
* ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست
* جەنگ و سیاسەت
* كێشەی بڕوا نەبوون بە دەسەلات و سیاسەت

یەك جیهان ، یان جەنگی كولتورەكان ، تێڕوانینی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات بۆ یەكتر

( سالار حەمە سور باسیرە / ئەلمانیا )

تێڕوانینی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات بۆ یەكتر

11 /ی ئەیلول لەپال جەنگی دوەمی كەنداودا یەكێكە لە ڕوداوە گرنگە نێودەولەتیەكانی دوای جەنگی سارد . ئەمجارە بەپێچەوانەی شەڕی دوەمی كەنداو لایەنێك كە هێشتا بەڕەسمی نەیویستوە لێپرسراوەتی ئەم ئۆپەراسیۆنە بگرێتەئەستۆ ، دەستی گەیشتە نیۆرك و واشنتن و ئۆپەراسیۆنێكی سەربازیی خۆكوژانەی دژ بە سەنتەری بازرگانی و پێنتاگۆن لەو دوو شارەدا ئەنجامدا كە زیانێكی زۆری مادی و ڕۆحیشی لێ كەوتەوە . گرنگی ئۆپەراسیۆنەكە لەوەشدایە كە تەحەدایەكی گەورە بوو بۆ ولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لەڕووی سەربازی و ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسیشەوە و جیهانی بەرەو بیركردنەوەیەكی نوێ برد لەڕۆژئاواو لە ڕۆژهەلات و سەرانسەری جیهاندا . هەنگاوەكانی حكومەتی ئەمریكی بۆ پاراستنی ئاسایشی نێوخۆ وای كرد كە چوارچێوەی هەندێ لە پرەنسیبەكانی لیبەرالیەتی نێوخۆ لەچەند بوارێكداتەسك بكاتەوە . بەلام پێكهێنانی هاوپەیمانیەتێكی دژە تیرۆر ئەگەر لەهەموو خالەكانیشیدا یەكگرتو نەبێت لەئەنجامی ئەم ڕوداوەوە پەلەی بە سەرهەلدانی دا ، و بەرەكانی جیهانی لەم بوارەدا یەكالا كردەوە و زۆرلایەنیشی لەیەكتر نزیك كردەوە . بۆ حكومەتی ئەمریكی ئەم ڕوداوەی واشنتن و نیۆرك فورسەت و بەلگەیەكی گرنگی دا بەدەستەوە بۆ بەكارهێنانی ئەم ڕوداوە وەك چەكێكی گرنگ و بەم ڕێگایەوە گەیشتن بە هەندێ لە مەرامەكانی خۆی . جەنگی دژ بە تیرۆریزم لێرەدا دوو لایەنی بەخۆوە گرتوە . یەكەمیان بریتیە لە جەنگ دژ بە فەناتیزمی ئیسلامی سیاسی وەك لێدانی تالیبان و القاعدە و بنكە و كۆپیەكانیان وەك ابو سیاف لە فلیپین و لە سۆمال و لەسەروی یەمەن . دەوەمیان ولاتەكانی وەك عێراق دەگرێتەوە كە هەلگری فەناتیزمی ئیسلامی و بیروباوەڕەكەی نین ، بەلام خاوەنی چەكی كۆكوژن و هەڕەشە لە ئاسایشی ولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا و بەرژەوەندیەكانیان دەكەن و هەروەها بەشێوەی تایبەت پشتگیری لەهێلی فەناتیزمی ئیسلامی دەكەن لە ناوچەكەدا بۆ تێكدانی ئارامی و دژایەتی حكومەتی ئەمریكی ، هەربۆیە حكومەتی عێراق لەناو نەخشەی سیاسی حكومەتی ئەمریكیدا جێگای نابێتەوە . جەنگی سارد كۆتایی هات ، و بەمەش وێنەی دوژمنێكی نێودەولەتی كە یەكێتی سۆڤیەت بوو كوژایەوە . بەلام لەوە دەچێت كە وون بونی دوژمنی كۆن پێویستی بە گەڕان هەبێت بەشوێن هی نوێدا . دەمێكە ئیشارەی ئەوە هەبوو كە دوژمنی ئەمجارەش هەر لە ڕۆژهەلات و

ئەمجارە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەبێت. وێنەی دوژمنی نێودەولەتی هەروەك كۆمۆنیزمی جاران كە ئەمجارە بریتیە لە ئیسلامی سیاسی، بەلایەنی كەمەوە لە چوارچێوە توندڕەویەكەیدا .

دەمێكە سەرنجی ئەوە ئەدرێت كە ژمارەیەكی زۆر لە سیاسەتمەدارانی ولاتە پیشەسازیە گەورەكان، لێرەدا بەتایبەت ئەوروپای ڕۆژئاوا و، ولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا و هەندێ لە دەزگا ڕاگەیاندنە نێودەولەتیەكان تەنانەت دوای كۆتایی هاتن بەجەنگی ساردیش هەبوونی جۆرێك، وێنەیەك لە دوژمن بە پێویست دەزانن. یەكێتی سۆڤیەت وەك دوژمنێكی دەیان سالە لە ئەوروپای ڕۆژهەلات بەلگەی بەرگریكردنێكی ڕەسمی بوو بەدەستەوە بۆ بەرهەمهێنانی چەكی ڕۆژئاوا . لەچەندین لە ولاتەكانی ڕۆژئاوا كارگەی چەك بوە بەبەشێكی گرنگی بواری ئابوری و فاكتەری دەسەلاتی ناوخۆ. بۆ نمونە ئەلمانیا سێیەم گەورەترین ولاتە لە جیهاندا بۆ فرۆشتنی چەك. هەمان ستراتیج و بارودۆخ بێگومان بۆ یەكێتی سۆڤیەت و بلۆكی ڕۆژهەلاتی جاران هەر بەم شێوەیە بوە و سیاسەت و بەرژەوەندی تایبەتیان پێ ڕەفتار كردوە . ئەوروپا هەمیشە ویستویەتی شورایەكی گەورە بەدەوری خۆیدا بكێشێت و زۆر جار بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە دروستكردن و خولقاندنی ترس هەبوە كە ئەمجارەیان بریتیە لە ئیسلامی سیاسی. لەم چوارچێوەیەشدا كەمتر باس لە ئیسلام دەكرێت، بەلكو باس لە بەكارهێنانی پێناسەی ئیسلامی توندڕەو دەكرێت. ئەگەر بگەڕێمەوە سەر ناونیشانی ئەم بەشە ئەوا دەبێت لێرەدا ڕوو بكەمەوە بەراورد و لێكۆلینەوەی دوو بەرەكە و ئاماژە بە پرسیارێكیش بكەم كە ئایا جێگای دلخۆشكەریە كە مێژوی ئەوروپا لەسەدەكانی ناوەڕاستەوە وا بە هێمنی و خۆشی نەڕۆیشتوە؟ كەنیسەی مەسیحی ناشیرینترین ڕۆلی چەوساندنەوە و زەربە و سەرانە وەرگری بینیوە و بە دەیان هەزار مرۆڤی بەناوی دۆگمای ئاینەوە ئەشكەنجە داوە و كوشتوە و سوتاندوە و هەمیشە هاوڕێی بەرەی كۆلۆنیالیزم بوە . زۆر جاریش لەخۆم دەپرسم ئاخۆ هۆی ئەوە لەچیدا بێت كە كۆلۆنیالیزمی ئەوروپی ئاینی مەسیحیەتیان بردە ئەمریكای لاتین و بلاوكردەوە ، یان هەولی بلاوكردنەوەیان داوە لە ئەفریقیا و شوێنەكانی تری جیهان. شتێكی هەلەیە ئەگەر خەلكی ڕۆژئاوا گشت ناكۆكیەكانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئۆتۆماتیكی بخاتە قالبی ئاینەوە و سەرچاوەكەی بگێڕێتەوە بۆ ئیسلام. ڕۆژئاوا دەبێت لە ئیسلام هەمیشە و تەنیا وەك ئاین لێی تێنەگات بەلكو وەك كولتوریش كە بالی كێشاوە بەسەربیركردنەوە و نەریتی كۆمەلایەتی ئەو نەتەوەو كۆمەلانەدا . ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئاوێنەیەكە كە ڕۆژئاوایشی تێدا دەبینرێت.

بێگومان لەنێوان ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەوروپادا جیاوازی هەیە ، بەلام شتی هاوبەشی زۆریش هەن كە زۆر جار باز بەسەریاندا دەدرێت: هەندێ پێویستیی بنچینەیی مرۆڤ هەیە كەتوند بەندە بە سروشتی مرۆڤ خۆیەوە . هەندێ لەم پێویستیانە سەر بەو سروشتەیە كە ئێمە ئەمڕۆ كە پێی دەلێین دیموكراسیەت و ئازادیە بنچینەییەكان. ئەم دیاردانە لەگشت كولتورەكانی مرۆڤدا هەن هەروەك چۆن دیاردەی توندوتیژی وچەوساندنەوە وبێتەساموحی لەهەموو كولتورێكدا هەبوە .

دیكتاتۆریەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا مانای ئەوە نیە كە خەلكی حەز بكەن بچەوسێنرێنەوە ، و مانای ئەوە نیە كە ئەمانە هەمووی تەعبیر لە كولتوری ئیسلام بكات. ڕژێمی عێراقی بە سەرۆكایەتی حیزبی بەعس لەناوەڕۆكی ئایدیۆلۆجیەتەكەیدا نوێنەری بیروباوەڕی ئیسلام و ئیسلامی سیاسی نیە و دورە لە پراكتیزە كردنی پرەنسیبەكانی بیروباوەڕی ئیسلامی، بەلام ڕژێم و دەولەتی تیرۆرە . ئەوەیش لە بواری ئیسلامەتیدا دەیكات جەختی ئاینەكەیە لەسەری و بۆ بازرگانی كردنە پێوەی. خۆ ئەو میللەتانەی ئەمریكای لاتین كە بەو شێوە خراپە دەچەوسێنرێنەوە وتیرۆر دەكرێن ڕژێمەكانیان مەسیحین و نەتەوە و كولتوری مەسیحین، نەك ئیسلام. چەوساندنەوە و ڕاپەڕین لەناو هەموو جۆری كولتورەكاندا هەیە . لە ئیرلەندە كێشەی ئاینیی لە نێوان كاسۆلیك و پرۆتستانتەكاندا ڕووی فەناتیزمی بەخۆیەوە گرتوە. ناوەڕاستی ژمارەیەكی زۆری ناو كۆلانی چەندین لە شارەكانی ئیرەلەندەی باكور وەك بۆنمونە لە شاری لۆندەندەری تەلبەنگ كراوە كە كاسۆلیكەكان لە پرۆتستانتەكان جودا دەكاتەوە و مندالانی یەك نەتەوە كە لەناو دلی شارستانیەتی ئەوروپادا دەژین لەنێوان تەل بەنگەكانەوە لەگەل یەكتردا دەدوێن ئەگەر گەورەكان ڕێگایان پێ بدەن. خەلكی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست زۆر پڕ و پەستن لە دیكتاتۆرە كۆن و نوێكانی ناوچەكە بەگشت شێوەكانیانەوە . بەلام بوونی مەرج و توانای لەناوبردنی دیكتاتۆرەكان لەگشت شوێنێكدا نیە . وە ئەوەندەش ڕەشبینی و بێهیوایی قول لە ناو دلی خەلكیدا هەبێت، ئەوا ئەو كاتە داوای گەڕان بەشوێن ڕێگای ڕادیكالیەت

دەكات بۆ ڕزگار بوون لەو میحنەتە و زۆر جاریش ڕێگای باش، یەلام خراپیش دەگرنە بەر. ئەوە نەبێت ئەم شتە تەنیا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەم شێوەیە بوبێت. ئەم دیاردەیە دەبێت لە مێژوی ئەوروپاشدا ناسراو بێت كە لەكاتی ئەزمەدا ڕوو ئەدات كە سەرۆك و ئەوانەی كەخۆیان ناو دەنێن ڕزگاركەر دەگەن بە شانسی خۆیان وەك بۆ نمونە ئەدۆلف هیتلەر. توندڕەویەتی ئیسلام ڕەنگدانەوەیشە بۆ كێشە ئابوریەكان، بۆ كێشە كۆمەلایەتیەكان. ئەگەر ئەزمەیەك، یان مەئساتێكی ئابوری لەپالێشیدا كۆمەلایەتی چارەسەر نەكرێت، و خەلكی هیوا بە بارودۆخێكی چاكبوون وون بكەن، ئەو كاتە بەدوای لێكدانەوە و

چارەسەردا دەگەڕێن ، و هەندێ جاریش بە دوای چارەسەری ڕووکەش و ڕادیکالدا دەگەڕێن کە پەیمانی ، یان هیوای چارەسەری خێرا و ڕادیکالانەیان بداتێ . لەناو ئەمانەدا ئیسلام وەك یەکێك لە ئاینەکان ، کە خەلکیی بەهیوای ئەوە ڕووی تێدەکەن کە بتوانن پشوە سایکۆلۆجی و هەستە ڕۆحیەکانیانی تێدا بدۆزنەوە کەبەشی گەورەی لەئەنجامی کێشە ئابوری و کۆمەلایەتیەکانەوە سەرهەلدەدەن ئیتر بیبیر کردنەوە لە مەسەلە و لیکدانەوە سیاسی و ئایدیۆلۆجی و فەلسەفیەکان و ئەنجامەکانی ، بەلام ئاینەکە لەبوارە ڕۆحیەکەیەوە زۆرجار دەردەهێنرێت و دەخرێتە ناو چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی ئیسلامی سیاسی و ناو و ناوەڕۆکی فەناتیزم دەکرێت بەگیانیدا و لەم ڕێگایەشدا هەرچی بکات بەپیرۆزی دەزانێت و ژیانی بەهەشتی بۆ خۆی داین کردوە ومرۆڤەکانی تری دەرەوەی فەناتیزمەکەی خۆی بە کائینێکی خراپتر لەقەلەم ئەدات . ئەمە سروشتی فەناتیزمە . بۆیە لێرەدا پێویستە شارەزایانی بواری سایکۆلۆجیش لەپاڵ کۆمەلناس و ئابوری ناس و ئاین ناسەکان ڕۆلی گرنگی خۆیان ببینن لە توێژینەوەی ئەم دیاردە ، و ئەنجامەکانی .

لەزۆر لەولاتاندا ئینستوی تایبەت هەیە بۆ لیکۆلینەوە و هەلسەنگاندن و تێگەیشتن لەکێشە و دیاردە و نەخۆشیەکانی کۆمەل . ئەوکاتە ڕۆلی سیاسەتمەداران و حکومەت دەست پێدەکات لەهەنگاونان بۆ چارەسەر کردن و ڕوی یاسایی بدرێنە بڕیارەکان . هیچ دیاردەیەك بێ هۆ سەرهەلنادات ، و هۆکانیشی هەر لەناو هەمان کۆمەلگاکەدا خۆیدا دەدۆزرێنەوە ئەگەر مرۆڤ بگەڕێت بەشوێنیاندا . بەلێ ئەم بارودۆخە تایبەتە دەبێتە کات و فورسەتیش بۆ ئایدیۆلۆجی و دیماگۆگەکان . بالێرەدا ئامازەیەك بە پەیوەندی توندڕەویەت و شانسێکی دیموکراتیەتیش بدەم : توندڕەویەت لەم بوارەدا بەم شێوەیەش ڕێڕەوی کار کردن دەکرێت بگرێتە خۆی : کێشەیەك لە ئارادایە و نازانیت کەچۆن چارەسەری بکەیت . بەشوێن ئاسانترین ئایدیۆلۆجیەتدا دەگەڕییت کە ناسنامەیەك و بڕوابونێکت بەخۆ لەم جیهانەدا بداتێ ، جیهانێك کەلەگەلیدا ناگونجێیت . ئەوەندەش بارودۆخەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە ئەوا ڕوو دەدات کە دیکتاتۆریش بەرهەم بهێنێت و سەرۆکی زەبروزەنگ دروست دەکات و بەرەو خەلکانێك دەبیات کە بەناوی هی ترەوە قسە بکات و ئەم شتەش هەر لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەم جۆرە نیە ، بەلکو لەزۆربەی ولاتانی جیهانی سێ بەم شێوەیەیە .

هۆ و ئەنجام

ڕۆژئاوا زۆر جار مەسەلەی هۆ و ئەنجام (السبب و النتیجه ) بەیەکتر تێکەل دەکات . کولتوری ڕۆژئاوایی بوو ، بەریتانیەکان و ئیتالیەکان و فەرەنسیەکان بوون لەسەردەمی دەسەلاتی کۆلۆنیالیزمیاندا لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستداچەندین جار کوشتاریان بەرامبەر نەتەوەی ئیسلام ئەنجامداوە؟ ئەم شتانە لەمێژووی مرۆڤدا و لە بیروهۆش و هەستی مرۆڤدا شوێنەوار جێدەهێلێت . هەروەها زۆربەی جار دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەلایەن ڕۆژئاواشەوە پڕ چەك کراون و دژ بە ئیرادە و ویستی گەلانی ناوچەکە لەسەر دەسەلات هێلراونەتەوە . جەنگی دوەمی کەنداو هەستی نێوان ئیسلام و مەسیحی قولتر کرد . لە ڕویەکی زانستی سیاسی و

ئەکادیمیەوە مرۆڤ دەتوانێت بۆ ئەم دیاردەیە هۆ جیاوازەکان شیتەل بکاتەوە ، یان بەتایبەت ئامازە بۆ بوعدەئابوریەکان بکات ، بەلام لەسەر ئاستی نەتەوەکان ئەم جیاوازی هێلە ئاینیە بەتینتر و قولتر دەبێت . چونکە خەلکی ئیسلام وای دەبینن کە ولاتە مەسیحیە ئەوروپیەکان بەهەزاران کیلۆمەتر دوور لە کیشوەرێکی ترەوە دێنە سەر خاکی ئیسلام و داگیری دەکەن و بنکە و فڕۆکەخانەی سەربازی تێدا دروست دەکەن . زۆربەی زۆری خەلکی ناوچەکە دەترسن لە گواستنەوەی کولتوری ڕۆژئاوایی بۆ ولاتەکانیان و دروست کردنی کاریگەری لەسەر کەلتور و ئاینەکەیان و گۆڕینی نەریتە کۆمەلایەتیەکان . بەلێ مرۆڤ دەبێت مەسەلەکان لەدیدی عاتفیەتی جەماوەریشەوە ببینێت ، وەك خۆی بەو شێوەیەی کە هەیە ، بەپێی شوێن و زەمەن . ئەم دیاردە و کولتورە هەرهێشتا حوکم دەکات و ڕژێمێکی وەك ئەوەی بەغداش کە ئیدعای ناسیۆنالیزمی عەرەب و شارستانیەت دەکات هەولی داوە ئەم هەستی ئاینی و شێوەی بیرکردنەوەیە بۆ بەرژەوەندی تەسك و یەك لایەنەی خۆی بەکار بهێنێت . ئەم ڕژێمە و زۆربەی ئەوانەی تری ولاتە ئیسلامیەکان ڕێگرن لەگواستنەوەی جیهانگیری بۆ ولاتەکانیان چوونکە تەنیا لە ئەتمۆسفێرە کۆنەکەدا بەرژەوەندیەکانیان باشتر دەڕوات بەڕێگاوە ، و هەروەها مەترسی بۆ ڕژێمەکانیان دروست دەکات ئەگەر نەتەوەکەیان ئاگاداری ڕەوتی جیهان بن و ئاستی ڕۆشنبیریان دروست بێت و داوای گۆڕان و دیموکراسیەت بکەن کە تەیاری پێچەوانە دروست دەکات بەرامبەر بە ئایدیۆلۆجیای دەسەلاتدار کە جیهانگیری و دیموکراسەت دەبێتە هەلکەندنی گۆڕستان بۆی . ڕژێمی عیراقی جەنگێکی هەشت سالەی دورودرێژی دژ بە ولاتێکی ئیسلامی وەك ئێران بەرپا کرد ، کەچی لەشەڕی کەنداوی دوەمدا نوسینی الله الأکبر خرایە سەر ئالای عێراق و کرایە شەڕی نێوان ئیسلام و کافر ، هەروەك چۆن ئێرانیش جەنگەکەی یەکەمی کەنداوی لەگەل ڕژێمی بەغدا کردە شەڕی نێوان کافرو ئیسلام ، بەلام لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمی عەرەب و فارس لەئارادا هەبوو ، و هەیە . بەلام ئاین و

مەشاعیری ئاینیەتی خەلکیی بۆ مەبەستی سیاسی و ناسیۆنالیزم و فەناتیزم بەکاردەهێنرێت. ڕژێمی بەغدا بەناوی ئایەتی ئەنفالەوە 182 هەزار مرۆڤی مەدەنی کوردی جینۆساید کرد و بەدەیان هەزاران قورئانی لەکاتی وێران کردنی گوندەکانیان سوتاند و وێران کرد و ئەمەش ڕاستیەکە کە هەرگیز لەمێژودا ناتوانرێت نەهی لێ بکرێ. نەتەوەیەکی کورد کە ئیسلامە و هەر عەرەب خۆی لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا ئاینەکەی سەپاندوە بەسەریدا و ئەمڕۆکە بۆتە شتێکی واقع. بەواتا ڕژێمەکانی ناوچەکە خۆشیان بازرگانی بەچارەنوسی نەتەوە و ولاتەکەیان و ناوچەکەشەوە دەکەن. جەنگێك کە هەشت سال ولاتە پیشەسازیەکانی دنیا خۆیان پێ دەولەمەند کرد لەسەر شانی کوێرەوەری خەلکی هەردوو ولاتەکە، و لەسەر ئەقلیەتی شێتانەی ئەم ڕژێمانە. ئەوروپا لە مێژوی خۆی زۆر شت فێر بوو. ئێستە یەکێتی ئەوروپا و هەستی ئەوروپایی دروست دەکەن لەنێوخۆیاندا. ئابوری هاوبەش و دراو و سیاسەتی ئاسایشی هاوبەش و پەرلەمانی ئەوروپی دروست دەکەن، هەرچەندە ئەوروپاش بە هەمان جەنگ و وێرانی و ئەقلی شەڕخوازی و داگیرکردندا ڕۆیشتوە لەنێوان خۆیدا، بەلام توانی مالی خۆی یەکبخاتەوە و کۆمەلێك سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری وریاو زیرەك دەیبەن بەڕێگاوە. بەلام دیارە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست زۆری ماوە بگاتە ئەم قۆناغە و کەسی دەرەوەش نیە دەستی یارمەتی و هاوکاری و ناوبژی بۆ درێژ بکات کە لێرەدا ستروکتوری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش دەخەمە بەر باس و لێکۆلینەوە، بەلام ناوچەکەش، ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەزۆر ڕووەوە ئالۆزترە وەك لە ئەوروپا، یان بۆ نمونەبەبەراورد لەگەل ئەمریکای لاتین. خەلکی ناوچە ئیسلامیەکان، خەلکی ناوچەی ڕۆژهەلاتهەستێکیان بۆ دروست بوە کە بونەتە ئومەیەکی قوربانی. لێرەدا دوژمنایەتی بەرامبەر بەبەشێکیی جیهان دروست دەبێت کە ڕۆژئاوا دەبێت و ناچارە پەیوەندی لەگەلدا دروست بکات. ئەگەر لەدوای جەنگی ساردەوە ڕۆژئاوا لەلای خەلکانی خۆی ترس لە ئیسلامی سیاسی دروست بکات و کولتوری ئیسلامی بکرێتە هەڕەشەیەکی نوێ بۆ ڕۆژئاوا، ئەوا بەم شێوەیە دایەلۆگ لەگەل یەکتردا مەحال دەبێت. بەم شێوەیە تێگەیشتن لەیەکتر گرانتر دەبێت و ناتەساموحی لەنێواندا دروست دەبێت و ئەو توندڕەویەتە دروست دەکات کە دەبێتە هۆی مەترسی دروست کردن و بەرەکان بەرامبەر بە یەکتر توندترو ڕادیکالتر دەبن. بۆ نمونە ئەگەر ئێمەی خەلکی ڕۆژهەلاتی لە ڕۆژئاوا هەمیشە دامغەی ئیسلامیەتمان لێ بدرێ، و کەسێکی ڕۆژهەلاتی ڕاستەوخۆ وەك

ئیسلامێکی توندڕەو بێتەبەرچاو، ئیسلامیەتیش بەو تێگەیشتنەی کە لەڕۆژئاوادا هەیە، و بەو شێوە خراپەش کەهەندێ لەلایەنەکان ڕەفتاری پێوە دەکەن وەك بۆ نمونە تالیبان و القاعده و جند الاسلام و قەدەغە کردنی ئافرەتان لەولاتەکانی کەنداو بۆ لێخوڕینی ئۆتومبیل، یان مافی نەبوونی هەلبژاردن کە دەبوایە ئافرەتیش لێرەدا وەك مرۆڤ سەیر بکرایە، ئەمانەو زۆری کەش کە نمونەی ناشارستانیەت دێننە بەرچاوی جیهان، ئەوکاتە خەلکی و ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەلاتیی هەستی ئەوەیان لێ دەسەندرێتەوە کە وەك کۆمەلێك لەسەر ئاستی نێودەولەتی سەیر ناکرێن لە مەسەلەی چارەنوسی دیموکراسیەت و دواڕۆژی بزوتنەوەی پێشکەوتوخوازی، و ئیتر لە شەقامی وتووێژدا لادەدەنە دەرێ. ئەگەر ڕۆژئاوا تەنیا ئابوری و نەوت و جوگرافیای ڕۆژهەلاتی مەبەست بێت و خەلکی ڕۆژهەلاتی نەوێت و بەچاویلکەی ڕۆژئاواییەوە بڕواننە کەلتورەکەیان، ئەوا ڕۆژهەلاتییش هەلوێستیان بەرامبەریان باش نابێت. ئەنجامی ئەم دیاردەیە بریتی دەبێت لەوەرگێڕانێکی زۆر توندی ئەتمۆسفێری سیاسی بەرەو فەناتیزم و ڕاسترەویەتی توندڕەو (یەمینی موتەتەرف)، وە هەتا دەگاتە فاشیزمیش. لێرەدا ئەو جۆرە دیاردانە سەرئاو دەکەون کە لایەنەکان بەلایەنی کەمەوە لەو سالانەی دوایدا وایان بۆ دەڕوانی کە چارەسەریان کردوون. کەلە ناو کۆمەلگا ئیسلامیەکاندا ئێتجاهاتی کۆنەپەرست و داپلۆسەر و فەناتیزم هەیە شتێك نیە کە نەهی لێ بکرێ و هەیە. دوو جەنگی جیهانی لە سەدەی بیستەمدا لەهەناوی ئیسلامی فەناتیزمدا سەری هەلنەدا، بەلکو لەناو هەناوی ئاینی مەسیحیەتی ئەوروپادا بوو. ئەوروپا دەیەوێ شورایەکی بلند بەدەوری خۆیدا دروست بکات و دەیەوێ کولتورەکەی خۆی بپارێزێت و خۆی جودا بکاتەوە، بەلام بەحوکمی تەکنەلۆژیاو هێزی سەربازی و سەرمایە و جیهانگیری دەشیەوێت جیهانی سێ بخاتە ژێر کۆنترۆلی خۆیەوە، و زەمینەی ئارامی تەنیا بۆ بەرژەوەندیەکانیان هەبێت، بەلام بێگوێدانە ئەوەی کە مافی مرۆڤ لەم ولاتانە پێشێل دەکرێن یان نەء. ئەوروپا لەڕاستیدا نە ئاشتیە سەربازیەکەی وە نە ژیانە دەولەمەندیەکەی کەوتۆتە بەرهەڕەشە، بەلکو پرەنسیبە ئینسانەتیەکەی کەوتۆتە بەرهەڕەشە.

(لەهەرشوێنێك کێشەکان هێندە قول و توندوتیژنەبن و زەمینەی ئارامی تێدا هەبێت ئەوا لەو شوێنە دیموکراسیەت گەشە دەکات)

لەهەر شوێنێك کێشەکان زۆر قول و توندوتیژ نەبن و زەمینەی ئارامی تێدا هەبێت ئەوا لەم شوێنە دیموکراسیەت گەشەدەکات. خەلکانێکی زۆر لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ڕۆژی ئەمڕۆکە بەرەو تۆگماتیزمیەتی (دەمارگیری) ئاینی هەلدێن چونکە هەموو هیوایەکی تریان بۆ چارەسەر کردنی کێشە ئابوری و سیاسیەکانیان وون کردوە. دەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ خالێکی تری گرنگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیە کۆنەکان کاریان پێ ناکرێت. کۆمۆنیزم وەك کۆنتسێپتێك،

جیهانبینیەك هێزی ڕاكێشان و گرنگی خۆی وون كرد ، و هەروەها ناسیۆنالیزمی عەرەبی سالانی شەستەكان ئەمیش فەشەلی هێنا وەك ئەوەی جەمال عبد الناسر ، هەربەم جۆرە ناسیۆنالیزمی بەعسی عەرەبیش . ئەمڕۆكە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەوە دەچێت (ئیسلامی سیاسی) دوا ئایدیۆلۆجیەت بێت كە هێشتا بەبەرێوە مابێت ونەكوژابێتەوە . بەلام توندڕەویەت لەم شوێن و قۆناغەدا وەلامێكە بۆ شێوە دەسەلاتەكەی ڕۆژئاواش و میحنەتی كۆمەلایەتی چارەسەر نەكراو . كاتێكیش ئەم بیروڕا توندڕەویە كەمدەبێتەوە ئەگەر ڕۆژئاوا ، بەتایبەت ولاتە یەكگرتوەكانی

ئەمریكا وەك زلهێزێكی نێودەولەتیی سیاسی و ئابوری دەسەلاتدار ، لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەرگای باش بوونی ئابوری و دیموكراسیەت بكاتەوە و پشتگیری دیكتاتۆرەكانی ناوچەكە نەكات و پرچەكیان نەكات و نەخشەی سیاسی ناوچەكە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەكان و كەمایەتیەكان بگۆڕدرێ و ئەو پینەوپەرۆ دەستكردە هەلبوەشێنرێتەوە و لەجێگایدا شتێكی باشتر دروست بكرێتەوە ، و بەم شێوەیەش هەردوو نیوەكەی جیهان بتوانن پێكەوە بە ئاشتی و یەكسانی دوور لە كلێشەی دوژمنایەتی بژین و بە بەرژەوەندی هەموو لایەنەكانیش بگەڕێتەوە . ئاشتی سەقامگیر كردن لەبری دۆزینەوەی دوژمنی نوێ ، یان ئالوگۆڕ كردنی هی كۆن بە نوێ .

جیهانێكی نایەكسان

جیاوازی نێوان هەژار و دەولەمەند لەم جیهانەدا زۆر بەخێرایی بەرەوقولتر بوونەوە دەڕوات . سێ دەولەمەندترین پیاوی جیهان لە (49) هەژارترین ولاتی ئەم جیهانە زیاتریان هەیە كە لەسالێكدا بتوانن بەرهەمی بێنن . لەسەرتاسەری جیهاندا سێ ملیار مرۆڤ دەبێت ڕۆژانە بە كەمتر لە دوو دۆلار ئیدارە بكات . بەلایەنی كەمەوە 800 ملیۆن مرۆڤ لەجیهاندا برسیە و هەروەها 1/3 ی دانیشتوانی ئەفریقیای خوارو توشی نەخۆشی ئایدز بووە . لەكاتێكدا لە 31 دەولەمەندترین ولاتەكانی جیهان ڕێژەی درێژبوونەوەی ژیان لەنێوان 1975 - 1997 بۆ 25٪ بەرزبۆتەوە ، بەلام لە 18 هەژارترین ولاتەكانی جیهان معەدەلی ژیان بەقورسی بەرەوژێر ڕۆیشتوە . لە ولاتێكی وەك بۆتسوانا و زیمبابوا و زامبیا معەدەلی ژیان 45 سالە . هەژاری و بێ مافی و وێرانكردنی بەكۆمەلی مرۆڤ لە دیدی ژیان دەبنە هۆی بێهیوایی و هەلچوون و سەرلێتێكدان . دەبنە هۆی دروستكردنی پێشبڕكێی دڕندانە لەپێناوی مانەوە لە ژیان لەگشت بوارەكاندا . 2/3 ی سەروەت و سامانی جیهان دەڕژێتە چەند ناوچەیەكی كەمی دنیاوە كە ئەویش ولاتە پیشەسازیە ئەوروپیەكانی ڕۆژئاواو سەروی ئەمریكایە . دەولەتە ئەوروپیەكان و ڕۆژئاواییەكان بۆ ناو خۆیان دیموكراتن و لیبەرالن ، بەلام لە سیاسەتی دەرەوەیاندا خۆپەرستن و نادیموكراتن . جەنگی (بەرەی هاوپەیمانی دژ بە تیرۆر) دەبێتە جەنگێك كەدیارە دژ بەو ڕژێم وگروپانە دەبێت كە بەتایبەت لەنەخشەی سیاسی و سیستەمی نوێی ولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكی داجێگایان نابێتەوە ، بەلام لەگەل ئەوەشدا بەسودی هەندێ لەنەتەوەكان و كەمینەو گروپە كۆمەلایەتیەكانیش دەگەڕێتەوەو ئەمەش بەرژەوەندیەكی هاوبەشی نێوانە ، وهەروەها بەهەموو لێكدانەوەیەك لەبەرژەوەندی عیلمانیەت و جیهانگیریە ئەگەرتالیبانی ئەفغانستان ، یان جند الاسلام و القاعدە و ڕژێمی عێراقی بهێنینەوە بە نمونە . بەلام لەڕێڕەوی پرۆسەی جەنگەكانی ناوچەكەدا وبەرژەوەندی تایبەتی ڕۆژئاوادا ئایا چارەنوسی نەتەوە و كەمینەكان و خەلكانی هەژار و بێ بەش لەمافی ژیان بەرەو كوێ دەڕوات كەلەیەك جیابونەوە و ترازانی جیهان بەردەوام قولتردەبێتەوە و بێبەش كردنی ناوچە هەژار كراوەكانی جیهان لە دورگەی سەروەت و سامان كە ئەنجامێكی زۆری خراپی كۆمەلایەتیش بەدوای خۆیدا دێنێت . ڕاستە ، كە ڕەفتارەكانی ئوسامەبن لادن تیۆریستانەیە بەرامبەر بە زەوت كردنی ئازادیەكانی مرۆڤ . سیاسەت و بیركردنەوە و ئایدۆلۆجیا و بەرنامەكەیمان بینی لە ئەفغانستان شان بەشانی ڕژێمی تالیبان كە دەیەوێ مرۆڤایەتی بگێڕێتەوە بۆ تاریكاییەكانی سەدەی ناوەڕاست لەگشت بوارەكانی ژیاندا . بەلام چ شتێك ئوسامە بن لادنی بەرهەمهێنا ، ئایا دیوە فەناتیزمەكەی ئاینە ، یان تۆلە سەندنەوەیە بەتایبەت لە ولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا ؟ ئەوەی كە من مەبەستمە ئەوەیە كە بەڕوكەش و عاتیفە نەڕوانینە دیاردەكان ، بەلكو بەشوێن هۆ و چارەسەرەكانیدا بگەڕێین . هەر بۆیە پێویستە لە تەجروبەكان فێرببین و لەولاتی خۆشماندا پێشتر نەهێلرێت زەمینەی ئەو چلكاوە دروست ببێت كە ئەم جۆری میكرۆبی تیرۆریزمەی تێدادەژی ، ئیتر تیرۆر بە گشت

لایەن و تێگەیشتنەكانیەوە . دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بۆ شتێك بكەم : سەرۆكی ولاتە یەكگرتوەكانی ئەوكاتەی ئەمریكا بوو (ڕۆنالد ڕیگن) كە دەیوت ئوسامە بن لادن ڕزگاریخواز و شۆڕشگێڕە . دیارە چونكە ئەو كاتە دژ بە كۆمۆنیزم و یەكێتی سۆڤیەت دەجەنگا . هەر ڕۆنالد ڕیگن بوو كە لەكاتی شەڕی عێراق-ئێراندا بەنهێنی چەكی دەفرۆشت بە حكومەتی ئیسلامی ئێران و بەپارەكەی پشتگیری مادی ئەو كۆنترایانەی پێكرد كە بەسەرپەرشتی سی ئای ئەی شەڕی شۆڕشی گەلی نیكاراگوایان پێ دەكرد كە لە زولم و زۆرداری و تیرۆری دەولەتی ڕژێمی سۆمۆزا بە شۆڕشێكی خوێناوی ڕزگاریان بوو . ئەمانە هەموی دیوە چەوتەكەی

www.kurdistannet.org
24-8-2003 23:10

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نیشان ئەدات کە درەنگانێك ئەنجامی خراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت لە بیرکردنەوەی نەتەوەکان و دروست کردنی ئەفکاری ڕادیکالیزم و فەناتیزم ئیتر لە توندڕەوی چەپ ، یان لەفەناتیزمی ئاینیدا بێت کە دەرگای دایەلۆگلەبەردەم یەکتردا بەتەواوی دادەخات بەتایبەت ئەگەر پرەنسیپی جەنگ بکرێتە ڕێگا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان. لەناو بەرەی ساندینستەکان ڕێکخراو و هێزی ئاینیی تێدا بوو کە لەکەنیسەی مەسیحی جودا بونەوە و شەڕی چەکداریان دەکرد بەپێچەوانەی پرەنسیپی ئاینی مەسیحی کە لەئینجیلدا دەلێت " بۆت نیەقەتل بکەیت " . ئەم دیاردەیە خۆی بۆ خۆی وەلامێکە کەجیهان بەرەو چ جۆرە بیرکردنەوەیەك دەڕوات. فاکتەرە خراپەکان وادەکەن کە خەلکی ئەو ناوچەیەو ناوچەکانی تری جیهان لەم جۆرە بارودۆخەدا ڕقیان لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا ببێتەوە . دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەداهاتودا ڕۆژئاوا کەمتر لەگەل ناسنامەی دیموکراتیەکەیدا و دەولەتی قانونی و سەروەت و سامانیدا ، بەلکو تەنیا لەگەل لایەنە سێبەرەکەی و لەگەل بێڕێزی و زەبروزەنگ و ڕەفتاری بێ یاسایی و سەرەڕۆیی ناسنامە بکرێت

رژێمی تیرۆریست دیاردەیەکی نوێ نیە

با بێمە سەر ئەو باسەی کە رژێم و دەولەتە تیرۆریستەکان دیاردەیەکی نوێ نین و کەمیش نین ، بەلام باس کردنیان دەخرانە پشت گوێ بەبەلگەی ئەوەی کە دەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆی ئەو دەولەتانە دژ بە پرەنسیبە نێودەولەتیەکانە . بەواتا ڕژێمێکی وەك ئەوەی بەغدا بۆی هەیە کیمیاوی بکات بەسەر کورداو بەهەزارانی لێ بخنکێنێت و ئەنفالیشی بکات بێ ئەوەی هەر باسیش یان مەحکوم بکرێت ، و لە ڕاستیشدا هەربەم جۆرەش ڕەفتار لەگەل بارودۆخەکەدا کرا . نەتەوە یەکگرتوەکان گوایە وەك دەزگایەکی سەربەخۆ کە نوێنەرایەتی گەلانی دنیا و کەمینەکانیش دەکات هەرتەنانەت ڕژێمی بەعسی بەغدای بۆ کارەساتەکەی هەلەبجەش مەحکوم نەکرد . بەم شێوەیە خەلکانی بەشخورا و و وێرانکراوی ناوچەکە بڕوا بە سیاسەتی نێودەولەتی وون دەکەن و هەموو مافێکی تۆلەسەندنەوە ئەدەن بەخۆیان و تەنانەت هەنگاو بۆ کاری خەتەرناکیش دەنێن و هیوا بەژیان وون دەکەن و تەنانەت ڕوو دەکەنە بەرە ڕادیکالە نادیموکرات و فەناتیزمەکانیش . تاقیکردنەوەی مێژوە ، کە هەمیشە کار و کاردانەوە هەیە . تیرۆر بە تیرۆر وەلام دراوەتەوە .

دەولەتە ئەوروپاییەکانی ڕۆژئاوا بوون کە کۆمەلێك دەولەتی دەستکردیان لەڕۆژهەلاتدا دروستکرد کە ڕژێمەکانیان تیرۆرستن و نادیموکراتن. بەریتانیا بەشێکی خواروی کوردستانی دژ بەخواستی گەلەکەی بەزۆر لکاند بەدەولەتی تازە دروست بووی عێراقەوە ، و کێشەی نەتەوە و کەمینەکانی ناو عێراقی بەچارەسەر نەکراوی هێشتەوە کە هەتا ئەمڕۆکەش گێروگرفتێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە . هەروەها پشتی بەعسیەکانی گرت بۆ ڕوخانی ڕژێمی عبدالكريم قاسم و ئەم بارودۆخەش کوشتارێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا لەناو عێراقدا بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەو سەردەمە . لەناو دەولەتەکانی ڕۆژئاوادا کارگەکانی ئەلمانیای فیدرالی بوو کەبەزانیاری حکومەتی ئەلمانی خۆی هاوکاری ڕژێمی بەغدایان کرد بۆ دروست کردنی چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو کە دژ بە کوردیش بەکار هێنرا و لەشەڕی دژ بەئێراندا سوپای عێراقی نزیکەی پەنجا هەزار سەربازی ئێرانیان پێخنکاند بێ ئەوەی لەهیچ لایەنێکی نێودەولەتیەوە ڕژێمی بەغدا مەحکوم بکرێت. نزیکەی 10 دەولەت لەڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا لەهەمان کاتدا لەکاتی شەڕی ئێران- عێراقدا چەکی کوشندەیان بە هەردوو دەولەت دەفرۆشت ، و نزیکەی چل دەولەت بەگشتی چەکیان پێ دەفرۆشتن. بڕوا ناکەم کە ئەم شتانە هیچیان لە مێژودا بێ ئەنجام بمێننەوە ئیتر لای خەلکی سادە بێت (ئیتر عەرەب، فارس، یان کورد و قوربانیانی چەکی کیمیاوی بێت، یان هەر یەکێك لەنەتەوەکانی تر) ، یان تەنانەت لای هەندێك لە سەرکردەکانی ئەم دەولەتانەش بەگشتی شوێنەواری قولی خۆی جێدەهێلێت و نەك هەردەرگای دایەلۆگبەسەر یەکتردا دادەخات بەلکو هەستی تۆلەسەندنەوەو ڕق و کین دروست دەکات و تەنانەت کۆمەلی فەناتیزم و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی زۆر خەتەرناك بەدوای خۆیدا دەهێنێت بەتایبەت ئەگەر بارودۆخە ناهەموارەکە کە پێشتر ئاماژەم پێدا دورودرێژ بخایەنێت و بێهیوایی و توڕەیی دروست ببێت و مرۆڤەکان نەخشەی ژیان وون بکەن. ئایا کام کات لە مێژودا لێپرسراوان داوای لێبوردنیان لەگەلەکانی خۆیان و لەوانەی تر کردوە بەرامبەر بەو دڕندایەتیەی کە بەرامبەریان ئەنجامیان داوە؟ ئەگەر مرۆڤێك بکوژم (مجرمم) و دەبێت سزام بدرێت ، بەلام بەسەدان هەزار بەناوی بەرژەوەندیەکانی دەولەت و سیاسەتەوە بکوژم قەیناکە و سزا نادرێم. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەمێکە بەم شێوەیەی ئێستەی ناکرێت کاری پێبکرێت و ستروکتورەکەی نوێنەری ڕاستەقینەی دادپەروەری نیە . هەربۆیە پێویستیەکی مێژویشە ئەگەرمرۆڤایەتی بیتوانیایە دایك و باوکێکی دادپەروەرانەی بۆخۆی دروست بکردایە کە هەم پەروەردەکەی باش بوایە ، و هەم سەرنجی منداله لاسارەکانی خۆیشی ڕابکێشایە بۆ سالار بوون ، بەلام بۆ پێك هێنانی ئەم هیوا و پێویستیە مرۆڤیە دەبێت ئەم جیهانەی ئێستەمان لەم ستروکتورەی ئێستەی هەلبوەشێنرێتەوە و لەجێگاکەیدا لەگەل ڕەوتی مێژودا جیهانێکی تر دروست بکرێتەوە . ئایا پێویست نیە ئەوانەی بەناوی سەرۆکایەتی کردنەوە فەرمانڕەوایی دەکەن بدرێن بەدادگای نێودەولەتی کە لێپرسراون لە ئەنفال کردن و

خنکاندن و وێران کردنی ژیانی ملیۆن مرۆڤ و نەتەوە و کەمینەی ترەوە ، هەروەك چۆن تاکە کەسەکە دەخرێتە پشت دیواری بەندیخانەوە ، ویان سزای کوشتن دەدرێت بەسەریدا بەناوی یاسا و دادگای گەلەوە . تەنانەت ئەوانەش کە ناڕاستەوخۆ بەشدارن لە دروستکردنی تراژیدیاکان ، ئیتر لە بازرگانانی چەکەوە هەتا سیاسەتمەداران و ئەوانەی وەك ئەمان . نیشانم بدە کامەیە گرنگی ئەو جۆری شارستانیەتەی کە ئەمڕۆکە مرۆڤایەتی تێدا دەژی؟؟ بابگەڕێمەوە سەر باسەکەو ئاماژە بەو ڕاستیەش بدەم کە هەلەیەکی گەورەی ئینگلیزیش لەوەدا بوو کە کورد و شیعەی لەو دەسەلاتە نوێیە بەشدار نەکرد لەدەولەتی عێراقی تازە دروست کراودا . ئەگەر سستەمێکی پەرلەمەنتاریزمی لەسەر شێوەی ڕۆژئاوا لەعێراق دروست بکردایە زۆر لەوانە بوو ببوایەتە نەریت و خۆی بسەپاندایە و مەسەلەی کورد و شیعەش ئەمڕۆکە نەبوایەتە نەخۆشیەکی موزمن . هەر بەم شێوەیەش ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وئەورووپیەکان پشتی ڕژێمی بەغدایان گرت لەشەڕی هەشت سالەی دژ بە ئێران کە نزیکەی دوو ملیۆن مرۆڤی تێدا کوژرا و زامدارو بێ سەروشوێن کرا . بەلێ ئەمانە هەمووی دوبارە شوێنەواری خۆیان جێدەهێلن لە سیاسەت و لە مێژودا و لەناخی مرۆڤدا . هەروەك چۆن داگیر کردنی ئەفغانستان لەلایەن سوپای سۆڤیێتەوە شوێنەواری خراپی لای خەلکی ئەفغانستان جێهێشت و موجاهیدە ئیسلامە ئەفغانیەکان لەلایەن ڕۆژئاواوە پشتگیری کران و ئیسلامیەتیان تێیدا بەهێز کردو ئەمڕۆکەش فرێیان داونەتە خوارەوە و شکێنراون . ئایا ئەم دیاردەیە بێ ئەنجام دەبێت؟ بەلێ ئەوە بوو ڕژێمی بەغدا بەماوەیەك دوای جەنگی یەکەمی کەنداو دەولەتی کوێتی داگیر کردو بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوای خستە بەر مەترسی . ئیتر لێرەوە سەدام حسێن کتوپڕ بوە تیرۆریستی نێودەولەتی و لە ڕۆژئاوا پێی وترا هیتلەر و جەلادەکەی بەغدا . بەلام تیرۆر کردنی کوردستان و نەتەوەی کورد و عیراق بەگشتی ئەوەی نەهێنا سەرانی عیراقی پێ بدەنە دادگا وەك میلۆسۆڤیج ، بەلام بۆ تیرۆر کردنی نیۆرك و واشنتن دەبێت بەتوندی سزای ڕەفتاری تیرۆریزمەکان بدرێت بە ڕژێمی تالیبان و بەعسی عیراقیشەوە . بەلێ بارودۆخەکە

کوتوپڕ شێوەیەکی تری بەخۆوە گرت دوای ئەوەی هەندێك لەم ڕژێمانە کەوتنە هەڕەشە کردن لەڕۆژئاوا و لەبەرژەوەندی دەولەتە پیشەسازیە گەورەکان و زلهێزەکان . خەلکی عێراق بە قەناعەتی من لە هەردوو حکومەتی عێراق و ئەمریکاش تورەن چوونکە خەلکە مەدەنیە بێبەشکراو لەژیانەکە لەلایەن هەردوو لاوە سزا دەدرێت و کەس لەبیروڕا و خواست و پێویستیەکانیان ناپرسێتەوە و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی ئەم ، یان ئەولا بەردەوام کراونەتە سوتەمەنی . هەرلەبەر ئەم هۆیەشە کە خەلکیی ئارەزوی لەژیان و بەرامبەر بەسیاسەت و زۆری کەش وون کردوە . ئەمڕۆکە کە هەندێ لە ولاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ، چین ، یان ڕوسیا کە نایانەوێ ڕژێمی عێراقی بڕوخێت و دژ بەلێدان و گۆڕینی سستەمی سیاسین لە عێراق لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە ، لەپێناوی دواڕۆژێکی ئاسودەو بەختەوەر نیە بۆ کۆمەلانی مەدەنی خەلکی عێراق ، بەلکو تەنیا لەپێناوی بەرژەوەندی و چاوچنۆکی و فراوانتر کردنی دەسەلاتی ئەم لایەنانەیە ، و هەروەها بەرامبەر بە زلهێزی ئەمریکا کە دەیەوێت بەهێزی سەربازی جێگا بەو لایەنانە لێژبکات و خۆی بپێتە بالا دەست لەناوچەکەدا . بەتایبەت لەدوای جەنگی 11 ی سەبتەمبەرەوە جیاوازیەکانی نێوان ئەوروپای یەکگرتو – ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەئاشکرا یەکەلا دەبنەوە و ستروکتوری هاوپەیمانیەتەکەش لەگۆڕاندایە و لەگشت شوێن وەك یەك نیە . ئەم نوسینە دەبێت ڕاستی شێوە تەرکیبەسیاسیەکەی ئەم جیهانەی ئێستەش و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشی تاڕادەیەك بەڕوونی خستبێتە بەرچاو . جابۆیە ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانی عێراقەوە هەیە دوو شت دەلێم :

1 ) کورد لەمێژووی خۆیدا هیچ کات هاوپەیمانێکی ستراتیجی نەبوە نەلەئاستی ناوچە و نەلەهی نێودەولەتی . لەبارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و کوردستانی عێراق و ناوچەکەدا ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بالا دەستەو چەند بەرژەوەندیەکیش ئەم لایەنە و کورد بەیەکترەوە دەبەستێتەوە . بەواتا بەرژەوەندی هاوبەش هەیە . هەروەها ڕاستی ئەوەی کە ڕژێمی عێراقی سیاسەتێکی ئەوەندە دڕندانەی بەرامبەر کورد گرتۆتە بەر کە خەلکی کوردستان بەتایبەت بەم کەمهێزەی ئێستەیەوە ئامادەن لەگەل شەیتانیشدا بەرەیەك ببەستن بۆ ڕزگار بوون لەم ڕژێمە . جابۆیە ڕژێمی عێراقی لێپرسینەوەی سەرەکی دەبێت هەلبگرێت بۆ ئەم دیاردەو بیرکردنەوە و بارودۆخەی ئەمڕۆکە عێراق و کوردستانی عێراقی تێ کەوتوە . جا بۆیە لێرەدا پێویستە کوردیش سەیری بەرژەوەندیەکانی خۆی بکات . چ شتێك بۆ کورد باش بوو ئەوە بکات ، لەگەل کام لایەن بەرژەوەندیەکان بەدەست بێن لەگەل ئەودا مل بنێت ، لەکوێ بوو بۆ ئەوێ بڕوات . ستراتیجیەتی گۆڕاو هەیە ، بەلام مەبدەئی نەگۆڕ هەیە کە ئەویش تێکۆشانە لەپێناو نەتەوە و نیشتماندا ، بەلام هەرگیز لەسەر حیسابی نەتەوەکانی تر نەبێت ، چونکە ئەو کاتە مرۆڤ دژ بە بۆچوون و پرەنسیبەکانی خۆی دەوەستێتەوە .

2 ) پێویستیەکی ژیانیە کە گشت هێزە سیاسیە کوردیەکان لەکوردستانی عێراقدا ، بەتایبەت هەردوو پارتە سیاسیە گەورەکە هەلوێستیان یەکبخەن بۆ چارەنوسێکی باشی ئایندەی کوردستانی عێراق بەتایبەت لەم قۆناغەی ئێستەدا چونکە دواتر نەتەوە و مێژوو لێمان خۆش نابێت ، پێشتر بەرژەوەندیەکانی نەتەوە

دواتر حیزب ، چونکە حیزب ئامرازێکە کە دەبێت لەخزمەتی مرۆڤ و نەتەوەدا بێت . بەمهەلوێستەش کۆمەلانی کورد لەم بەشەدا بەتوندی پێکەوە گرێ ئەدەن و درزەکانی نێوانیان دادەخرێتەوە .

ئیسلام وەك چەکێکی کاریگەر دژ بە کۆمۆنیزم

لە جەنگی ساردا ئاینی ئیسلام وەك چەکێکی کاریگەر بەسوود بوو بۆ دژایەتی بەرەی کۆمۆنیزم . بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاری و پشتگیری لە هەندێ لە ڕژێمە ئیسلامیەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کرا وەك سعودی عەرەبی دژ بە هاوپەیمانەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا وەك بۆ نمونە دژ بە ڕژێمی سوریا . ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیری مادی و سەربازی موجاهیدە ئیسلامەکانی ئەفغانستانی کرد دژ بەلەشکری یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفغانستان و دواتر دامەزراندنی ئەم ڕژێمە تالیبانەی کە هەر خۆیان ڕوخانیان کە بچوکترین مافی مرۆڤ لە قاموسەکەیدا نیە . هەر بۆ ئەم ئامانجەش بوو کە ڕۆژئاوا پشتگیری ئایەتوللا خومەینی کرد بۆ هاتنە سەر دەسەلات وەك شورایەك و بەربەستێك لەبەردەم کۆمونیزمی سۆڤیێتیدا ، چونکە پێیان وابوو ئایەتوللا خومەینی بە پێچەوانەی ڕژێمی شا دوژمنێکی سەرسەختی کۆمۆنیزمە وجەماوەری لەگەلدایە .

بۆ ڕۆژئاوا یەکێتی یەکێتی سۆڤیەت و کۆمۆنیزم بۆیە خەتەرناکتر بوو چونکە دەیویست ببێتە سستەم و ئایدیۆلۆجیەکی ئالتەرناتیف بۆ ڕۆژئاوا و سستەمی سەرمایەداری بەگشتی . بەلام ئیسلامی سیاسی بەحوکمی ئایدیۆلۆجیەت و شوێنەوارە جوگرافیە دیاریکراوەکەی و بەرنامە کۆمەلایەتیەکەی و نەگونجانی لەگەل پێشکەوتنەکانی شارستانی و سەردەم ناتوانێت ببێتە ئالتەرناتیڤێك بۆ چارەسەری دیاردە و کێشە ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسیەکان ، هەربەم شێوەیە ناتوانێت ببێتە ئالتەرناتیف بۆ ڕۆژئاوا .

بەلام ئۆپەڕاسیۆنەکانی واشنتن و نیۆرك بەڕوونی نیشانی دا دەکرێت تەوازونی سیاسی و ئابوری زلهێزێکیش تێك بدرێت . بەپێچەوانەوە ڕۆژئاوا بەحوکمی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری و ڕۆشنبیریەکەیەوە دەتوانێت بەمەودای دوور کەلتوری ڕۆژئاوایی بەجیهانە بێسنورەکەدا بگوێزێتەوە و کاریگەری توندی لەسەر نەوە نوێکان و کەلتورو نەریتە نەتەوەییەکان دروست بکات و بەرژەوەندیەکانی خۆیشی تێدا بدۆزێتەوە و بەفاکتەری تەکنەلۆژیا و ئابوری و سەربازیش ئەم بەرژەوەندی و دەسکەوتانە بپارێزێت . ڕۆژئاوا لەم بوارەدا هەتا ئێستە بالادەستەو سەرکەوتوە . هۆیەکی گەورەی ئەم سەرکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتارو سروشتی ئایدیۆلۆجیا و سیاسی ئەو ڕژێم و دەولەتە نەتەوەییانەی ناوچەی ڕۆژهەلات و جیهانی سێ بەگشتی کە فەرمانڕەوایی سەدان ملیۆن مرۆڤی بەشێکی گەورەی جیهان دەکەن .

( ئیسلامی سیاسی لە لە کوردستانی عیراقدا )

بۆ تێگەیشتنێکی باشتر پێویست بەوە دەکات کە کەمێکیش ئاماژە بە ئیسلامی سیاسی بدەم لە کوردستانی عێراقدا هەتا کێشەکە لەدیدێکی کوردیشەوە ببینین کە بەشێکی نەبچڕاوە لەسەرجەمەکە . کوردستانی عێراق لەلایەن جولەکەوە داگیر نەکراوە ، بەلکو موسلمانە عەرەب و تورك و فارسەکانن . ئەگەر ئەمانەی کوردستانی عێراق بەڕاستی موسلمان بونایە و موسلمانەتیش وەك خۆیان ووتەنی مانای وەك یەکی بووانە ، ئەوا دەبوو زولم و زۆر و چەوساندنەوەی ناسیۆنال لەسەر کورد هەلگیرایە . ئەوانەی لە کوردستان بە ناوی ئیسلامەتیەوە کار دەکەن دەبوایە ئەم ڕاستیەیان باش بزانیایە . ئەگەر کوردێك بەڕاستی موسلمان بێ و بیەوێ بۆ ئیسلامەتی کاربکات و بەخەیالی خۆی دەست بە فتوحات بکا ، دیارە لە تەوێلە و بیارەوە دەست پێناکات بەناوی جند الاسلامەوە پێشمەرگەی کورد ناکوژێ ، بەلکو جارێ دەچێتە وێڕەی داگیرکەرانی کوردستان ، نەك ئیسلام بە زۆر و بەترس وهەڕەشە وە بە حوکمی شمشێر بەسەر خەلکیدا بسەپێنن .

د . ڕەفیق سابیر لەنوسینێکی چوار لاپەڕەیدا ئاماژەی بۆ ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا کردوە و من بۆ نوسینەکەم بەباشم زانی چەند دێڕێکی لێوەربگرم و بڕوانە سەرنجی ناوکەوانەکە :

> (ئاین لە کوردستاندا قەت قورساییەکی سیاسی و ڕۆلێکی گرنگی لەدیاریکردنی ناسنامەی کورددا نەبوە ، چونکە فاکتەرێکی خۆجیاکردنەوەی کورد لە نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان نەبوە . هەروا وەك ئایدیۆلۆژیای سیاسی هیچ ڕۆلێکی لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا نەگێڕاوە . کێشەی کورد لەگەل دەولەتانی غەیرەدین (نامسولمان) نەبوە و نیە . بۆیە لە مێژووی نزیکەی سەد سالەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد تاسەردەمی ڕاپەڕین ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا شوێنێکی نەگرتوە ، ئەمەش دیاردەیەکی سروشتیە چونکە کورد بەهۆی ئاینەکەیەوە ستەمی بەرامبەر نەکراوە ، بەهۆی ئاینەکەیەوە کوردبونی نەپارێزراوە . لەناو ڕەگەزەکانی کولتوری کوردیدا تەنیا

ئاین ، کەلێرەدا قسە لە ئاینی ئیسلامە ، پەلامار نەدراوە . هەولدان بۆ تێکشکاندنی ناسنامە و کەسایەتی کورد بەهەولی تێکشکان و لەناو بردنی زمان و کولتوری نەتەوەیی دەستی پێکردوە . مرۆڤ دەبێت پەیامی ئاینی و ئازادیی ئاین لە ئازادی ولاتەکەیدا ببینێت . شەهید بونی ئەمانە بەناوی ئاینەوە شەهید بوون نیە لەپێناوی ولاتدا . مێژووی ئیسلامی سیاسی پێش هەر شتێك مێژووی کێشەو شەڕی دەسەلاتە . ئەوانەی لای ئێمە دەیانەوێ ناوەڕۆکی ئێتنیکی – کولتوریی ناسنامەی کورد بگۆڕن و ناوەڕۆکێکی ئیسلامیی سیاسی پێ بدەن . ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەپرۆسەی خەباتێکی دورودرێژ و لەناو ژانی ئەنفال و کیمیاباراندا پێکهات . ئەم هێزانە پشت بەئایدیۆلۆژیایەکی فاناتیکی دەبەستن و توانای قبولکردنی دیالۆگو پێکەوە ژیانیان نیە ) .

و بۆیە بەزبری خوێن ڕشتن پەیامەکەیان دەسەپێنن . ئەو ولاتە ئیسلامیانە هەریەکەیان نوێنەری ناتسیۆنالیتەیەکی تایبەتن و خۆیان لەپال ئیسلامەتیدا شاردۆتەوە ، هەروەك چۆن ئێران بەناوی شیعەیەتیەوە شەڕی کوردی سونی و بەلوجە سونی و پشتونی سوونی و عەرەبی سوونی دەکات ) .

لەئەوروپای ڕۆژئاوا ڕۆلی ئاین بەبەراورد لەگەل سەدەکانی ڕابوردودا زۆر کەمبۆتەوە ، چونکە ژیانی خەلکی لەڕووی ئابوری و کۆمەلایەتی و قانونیەوە پارێزراوە و بەبەراورد لەگەل ولاتانی تردا دیموکراسیەت گەشەی کردوە و پێشکەوتوە و ئارامیی هەیە . جگە لەوەش نەخوێندەواری نزیکەی نەماوە و ئاستی ڕۆشنبیری خەلکی زیادی کردوە . هەر بەم شێوەیەش بەبەراورد لەگەل ولاتانی تری جیهاندا زەمانی دواڕۆژیان کراوە . لەبەر ئەم هۆیە خەلکی پێویستی بە ئاین کەمتر بۆتەوە . تەنیا لەناو کەنیسەدا خودا پەرستی و نوێژ کردن هەیە . لەدەرەوەی کەنیسە هەست بەبوونی ئاین و خودا پەرستی نزیکەی ناکرێت و سوێند بەخودا خواردن نیە . خەلکی بۆ چارەسەر کردنی کێشە ڕۆحی و دەرونیەکانیان کەلە ئەنجامی ئەم جۆری شارستانیەتەی ڕۆژئاوا سەری هەلداوە ڕودەکەنە لای دوکتۆری پسپۆر و خەستەخانە و ژیانی پزیشکی و خەرجیەکەیشی زەمان کراوە ، ئیتر لەشوێنێك کەمتر یان زیاتر . ئەگەر ئەم جۆرە کێشانە لەولاتانی لای خۆشمان چارەسەر بکرێن ئەوا ئاینیش نابێتە سیاسەت و بەرەو ڕادیکالیزم و فەناتیزم ناڕوات و خەلکیی ئالتەرناتیڤی تریان دەبێت بۆ ژیان و خالقێکی تر بۆ خۆیان دروست دەکەن و کاتیش بۆ پرۆژەکانی تری ژیانی ڕۆژانەیان دەبەنەوە و هەندێ لەبوارەکانی ترسیش زیندەبەچال دەکەن . . . ئاین ئەوکاتە لە قالبە ڕۆحی و ئەخلاقیەکەیدا دەمێنێتەوە و ڕۆلە ئاساییەکەی خۆی دەبینێت کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا ڕێك بخات ، چونکە ئاین بۆ ئەم سەردەمی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری و بازاڕی سەرمایە ناتوانێت ببێتە سستەمێکی ئابوری ، بەلایەنی کەمەوە هی ئەم سەردەمە مۆدێرن و ئالۆزە ، کە ئابوریش بەردی بناغەی سیاسەت و دەزگا کۆمەلایەتیەکانە . بەرەنگاربونەوەی ئەم مەترسیە ، مەترسی ئەو فەناتیزمە ئاینیەی کە لەم بەشەدا ئاماژەم پێدا ئەرکی گشت هێزە دیموکراتەکانە ، و هەروەها هەولی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و نەهێشتنی نەخوێندەواری و لەپال پراکتیك کردنی دادپەروەریدا دابینکردنی نان و ئازادی و یەکسانی گرنگ و پێویستە هەتا ئەم میکرۆبە ، میکرۆبی هۆکانی دروست بوونی فەناتیزم و بیری تیرۆریزم لەوە زیاتر لەناو ئەتمۆسفێری دواکەوتویی و جەهالەت و بێدادیدا گەشە و تەشەنە نەکات . ڕاستە ووتنی ئەم سەرنجانە ئاسانترە وەك لە کردنی و هەمووی زەمینەی خۆی دەوێت ، بەلام کردنی بە پرەنسیب و دواتر هەولدانی جدی بۆی سەرەتایەکی گرنگە وەك پەندەکە وتەنی هەموو سەد میلێك لەیەك میلەوە دەست پێدەکات .

رۆژهەلاتی ناوەڕاست

بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە دیاردەو ڕوداوەکان باش دەبێت ئەگەر ئاماژەیەکی کورت بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش بدەم ، چونکە کێشەکان وەك کۆمەلە ئەلقەیەکی یەك زنجیرە وان کە یەکێکیان بەستراوە بەوەی تریانەوە و تەواوکەری یەکترن . ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ڕووی سیاسی و جوگرافیەوە ناوچەیەکی ئالۆزە و جیاوازی پێکهاتە ئابوریەکەیشی بەڕوونی دەبینرێت ، کە بەهۆی فرە نەتەوەیی و کەمایەتیەکانیەوە ناکۆکیەکانی زیاتر بەرەو کولانبوون بردوە و لەبەر زۆر فاکتەری تر بەراورد کردنی بەناوچەکانی تری جیهان ئالۆزترە . تەنیا یەك نمونە : کوێت دەولەتێکی بچووك و کۆمەلە خەلکێکی کەمە کەژێری ولاتەکەیان ئۆقیانوسێکی نەوتە ، بەلام ولاتێکی گەورەو دانیشتوانێکی قەبەی وەك میسر بەو سروشتە هەژاریە دەبێت بژین . دابەش بوونە جوگرافی و سیاسی و ئابوریەکە نایەکسان و نادادپەروەرانەیە و هیچ لایەنێکیش ئامادە نیەبێ مەرج لەبەشەکەی خۆی شتێکی لێ بدات بەوی تر بۆئەوەی گەلانی تریش بتوانن ئاسودەتر بژین و ئەوە لەنێوخۆیاندا دابەش بکەن کە سروشت پێی بەخشیوین .

لەم ناوچەیەدا سالانە زیاتر لە ملیاردێك تەن نەوت دەردەهێنرێت کە دەکاتە زیاتر لە 40٪ ی دەرهێنانی نەوتی جیهان ، وهەروەها 60٪ ی پاشەکەوتی نەوت لەم ناوچەیەدایە و لێرە کۆبۆتەوە . یابان لە 70٪ ی پێویستی نەوتی لەم ناوچەیە وەردەگرێت ، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا 18٪ ، و بازاڕی ئەوروپای هاوبەش 68

٪ که له ناوچه‌کانی که‌نداوه‌وه بۆی ده‌نێردرێت . ئیعتمادی ولاته پیشه‌سازیه گه‌وره‌کان به نه‌وته‌وه زۆره . نه‌وت وه‌ك سه‌رچاوه‌یه‌کی وزه‌ی هه‌رزان ، به‌لام له‌وه ده‌چێت که‌به‌هۆی دۆزینه‌وه‌ی نه‌وت و له ئاینده‌دا ده‌رهێنانی وه‌ك بۆ نمونه له ناوچه‌کانی قه‌فقاسدا له‌وانه‌یه وابکات که گرنگی ناوچه‌ی که‌نداو به‌م‌هۆیه‌وه که‌متر بێته‌وه و بۆ لیدانی عێراقیش بیروڕای ئه‌میره‌کانی که‌نداو هێنده به گرنگ وه‌رنه‌گیرێت . بۆ لیدانی ئه‌فغانستان ئه‌مریکا پێویستی به‌هاوپه‌یمانیه‌تی ولاتانی عه‌ره‌بی و که‌نداو نه‌بوو . بۆ لیدانی عێراقیش ئه‌مریکا هاوپه‌یمانه‌کانی خۆی لێره‌دا له تورکیا و ئیسرائیلدا ده‌بینێت ، به‌تایبه‌ت گرنگی تورکیا له‌وه‌دایه که ولاتێکی ئیسلامیه و عه‌ره‌بیش نیه . جاله‌به‌ر ئه‌وه دروست کردنی ئارامیی له ئه‌فغانستاندا و هه‌ندێ پاره سه‌رف کردن بۆی بۆ مه‌به‌ستی ستراتیجیه‌تێکی ئابوری و سیاسی و سه‌ربازی دورودرێژه له‌ناوچه‌که‌دا که مرۆڤ له هه‌واله‌کانی ڕۆژانه‌دا تێبینی ناکات ئه‌گه‌ر خۆی به شوێن لێکۆلینه‌وه‌که‌یدا نه‌گه‌ڕێت . ئه‌و ولاتانه ئاماده نه‌بوون چه‌ند برینداریکی کیمیاوی هه‌له‌بجه بۆ چاره‌سه‌ر کردن بهێننه ئه‌وروپا ئیتر ئاخۆ نهێنی ئه‌وه له چیدا بێت که به‌ده‌یان ملیارد دۆلار له‌ئاینده‌دا بۆ ولاتێکی وه‌ك ئه‌فغانستانی دواکه‌وتوی ئیسلامی دوور له کیشوه‌ری ئه‌مریکاو ڕۆژئاوا سه‌رف بکه‌ن . ئه‌تمۆسفێری ئارامی ، یان نائارامی ولات و ناوچه‌یه‌ك به‌نده به‌مه‌رجی به‌رژه‌وه‌ندیه‌که‌وه که له‌کامیاندا ئامانجه‌کانی خۆی ده‌پێکێت . من ئه‌و کاته‌م بیر ده‌که‌وێته‌وه که حکومه‌تی ئه‌مریکی به‌پالپشتی کۆنتراکان شه‌ڕی نیکاراگوای شۆڕشی ساندینستی ده‌کرد . نیکاراگوا ولاتێکی ده‌وله‌مه‌ندی خاوه‌ن سه‌روه‌ت و سامان نیه . ئه‌ی که‌واته بۆچی شه‌ڕی ده‌کرا؟ بۆ ئه‌وه بوو که‌ئه‌و سه‌رکه‌وتنه‌ی شۆڕشی ساندینستی نه‌بێته مۆدێلێك بۆ ئه‌مریکای ناوه‌ڕاست و خوارووکه زیان له به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانی ولاته یه‌کگرتوه‌کانی ئه‌مریکا بدات . له‌به‌ر ئه‌وه ده‌بوایه تێك بدرایه ، هه‌رچه‌نده ساندینسته‌کان نه مه‌سیحی فه‌ناتیزم بوون ، و نه تیرۆریست بوون ، و نه خاوه‌نی چه‌کی کۆکوژ بوون . بۆ حکومه‌تی ئه‌مریکی و ڕۆژئاوا له‌وانه‌یه ئه‌وه‌نده به‌س بێت که تالیبان و القاعده بۆ ئاینده‌یه‌کی دوور لاواز کراون و له‌ستروکتوره‌که‌ی ئێسته‌یاندا تێك بدرێن و ئوسامه بن لادن نه‌بێته جیڤارا بۆ ئیسلامی سیاسی . به‌لام ئه‌وه‌نده‌ی کێشه بنه‌ڕه‌تیه‌کانی که به‌تیرۆته‌سه‌لی ئاماژه‌م بۆ کردن له‌ڕه‌گه‌وه چاره‌سه‌ر نه‌کرێن زوو ، یان دره‌نگ به‌شێوه‌ی ئاین ، یان به‌هه‌ر ئایدیۆلۆجیه‌تێکی تر دوباره فه‌ناتیزم و تیرۆریزم چه‌که‌ره و ته‌شه‌نه ده‌کات . کۆمه‌لانی خه‌لك ئه‌و کاته هه‌موو جۆره مافێك ئه‌ده‌ن به‌خۆیان بۆ داڕشتنی شێوه‌ی ناوه‌ڕۆکه سیاسیه‌که‌یان هه‌تا ده‌گاته به‌کارهێنانی چه‌ك و زۆری تریش... له کۆتایی ئه‌م به‌شه‌دا ده‌مه‌وێت ئاماژه به‌و ڕاستیه مێژوییه‌ش بده‌م که هیچ که‌سێك ، ئیتر سه‌ر
به‌هه‌ر چین و توێژ و گروپه‌یه‌کی کۆمه‌لایه‌تی بێت هه‌تا سه‌ر کۆت و زنجیری کۆیلاتی و چه‌وساندنه‌وه قبول ناکات و زوو ، یان دره‌نگ له‌دژی ڕاده‌په‌ڕێت . ئه‌گه‌ر لێشم بپرسیت ئه‌ی کام ئایدیۆلۆجیه‌ت که‌واته باشه مرۆڤ کاری پێ بکات ، منیش له‌وه‌لامدا ده‌لێم ئه‌مه ڕه‌چه‌ته‌ی دوکتۆر نیه که ئاماده‌و ڕاسته‌وخۆ بیده‌م به‌ده‌سته‌وه . مرۆڤایه‌تی به ته‌جروبه و پرۆسه‌ی مێژوویی خۆیدا ده‌ڕوات وده‌بێت بگاته ئه‌نجامێکی گونجاو ، و له‌مێژووی مرۆڤایه‌تی خۆی تێگه‌یشتبێت و بگاته ته‌رکیبێکی ئاشتیخوازیش . مرۆڤ هه‌میشه نان و ئازادی و پاراستنی که‌رامه‌تی خۆی ویستوه ، جا هه‌ر کام بیداتێ و به‌رنامه‌ی بۆ دابنێت ئه‌وا ئه‌و لایه‌نه داده‌په‌روه‌ره وچ ناوێکیش له ئایدیۆلۆجیاکه‌ی ده‌نێت بینێ .

## جه‌نگ و سیاسه‌ت

ئه‌گه‌ر سه‌رنج بده‌ینه نوسینه‌که ده‌بینین که‌به‌شی سه‌ره‌کی لێکۆلینه‌وه‌که بریتی بوو له باسی شه‌ڕ و جه‌نگ و نه‌هامه‌تی و نایه‌کسانی و ئه‌تمۆسفێری فه‌ناتیزم و پێکدادان و به‌رژه‌وه‌ندی و خۆپه‌رستن . جیهانی ئه‌وه‌ی که زۆردار بێزۆر ده‌خوات ، و به‌هێز بێهێز له‌ناو ده‌بات . هه‌رچه‌نده جه‌نگ شتێکی خراپه و ده‌بێت له‌دژی بوه‌ستین ، به‌لام بینیمان که جه‌نگ درێژه‌پێدانی سیاسه‌ته به‌شێوه‌یه‌کی تر ، به‌واتا به‌ئامرازی زه‌بروزه‌نگ و خوێن ڕشتن که جێبه‌جێ که‌ری سیاسه‌ته له‌ڕێگه‌ی جه‌نگه‌وه . جه‌نگیش هه‌روه‌ك ئاشتی سیاسه‌ته . ئاشتی سیاسه‌ته به‌بێ شه‌ڕ و جه‌نگیش سیاسه‌ته به‌ڕێگای جه‌نگه‌وه .
کاتێك ده‌توانین له له ناوه‌ڕۆکی جه‌نگ بگه‌ین ئه‌گه‌ر ده‌رباره‌ی سیاسه‌تی دووفاقی جه‌نگه‌که بکۆلینه‌وه به‌ر له هه‌لگیرسانی . جه‌نگ هه‌رته‌نیا پێکدادانی چه‌کداری نێوان لایه‌نه‌کان نیه ، به‌لکو ململانێی توندوتیژه له‌نێوان ئابوری ، و سیاسه‌ت و ئایدیۆلۆجیای لایه‌نه‌کان . به‌ده‌ست پێکردنی جه‌نگ هه‌موو ئه‌م لایه‌نانه‌ی ئاماژه‌یان پێدرا ئاڕاسته‌ی سه‌رکه‌وتن و هێنانه‌دی ئامانجه‌کانی جه‌نگ ده‌کرێن . به‌لام هه‌موو جه‌نگه‌کانیش هاوشێوه نین . هۆی ئه‌وه‌ش ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ جیاوازی هه‌لومه‌رجی مێژوویی سه‌رهه‌لدانی جه‌نگ و هۆکانی هه‌لگیرسانی جه‌نگه‌که ، و هه‌روه‌ها ئه‌و ئامانجانه‌ی که‌له‌پێناویاندا جه‌نگه‌کان به‌رپا کراون . هه‌روه‌ها جه‌نگه‌کان له‌ڕووی شوێن و کات ، چه‌ك و تفاق و شێوازی چالاکیه‌کان ، و هه‌وره‌ها ژماره‌ی پێکدادانه‌کان و به‌رفراوانیه‌وه جیاوازیان هه‌یه . به‌لام جه‌نگ هه‌میشه شێوه‌یه‌کی توندوتیژ بوه بۆ چاره‌سه‌ر کردن و به‌لادا خستنی ململانێی کۆمه‌لایه‌تی . به‌لام هه‌موو پێکدادانێکی چه‌کداری به‌جه‌نگ دانانرێت ،

چونکه بەبێ هەبوونی ئامانجی سیاسی ، توند وتیژترین پێکدادان بەجەنگ ناژمێردرێ . لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کەبەرژەوەندی سیاسی ئەو چین و دەولەتەی لەجەنگدان ، ئامانجی جەنگەکە دیاری دەکەن و خەباتی چەکداریش تەنیا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە .

جەنگی کەندا و ، و 11 / ی سەپتەمبەر وەك تەنیا دوو جەنگ بەژمارە کەمن ، بەلام واتایەکی گەورە دەبەخشێت لە مێژووی سیاسی مرۆڤایەتیدا . ئەگەر مرۆڤ هەردوو ئەم جەنگە بەجەنگە گەورەکانی تر بەراورد بکات ، ئەوا ئەم دوو جەنگەی دوایی لەکاتێکی کورتدا کۆتایی هات و بەلایەنی کەمەوە بۆ لایەنی براوە زیانی کەمتر بوو لەڕووی گیانیەوە . گرنگی و واتای جەنگ پێوانە ناکرێ بە دورودرێژ خایەنیەکەیەوە ، یان بە ژمارەی کوژرا و وبریندارەکانیەوە ، بەلکو بە ئەنجامە سیاسی و تەکنەلۆژیا و

سەربازیەکەیەوە . جەنگەکانی ئەم دواییە ، جەنگێکن کە بەکۆمپیوتەر بەڕێوە دەبرێن . جەنگەکەی ئەفغانستان پێشەکی بەچەکی مەدەنی کرا بەوەی کە کۆوالیسیۆنێکیان دژ بە تالیبان ڕێکخست . بەواتا ئەوە سەرکەوتنێکی سیاسی بوو ، دوابەدوای ئەوەشەڕە سەربازیەکەیان دەست پێکرد . ئەمریکا ترسی فەشەل بوونی هەبوو لە ئەفغانستان هەروەك ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت ، کە خەلکی ولاتەکە لەدژیان بوەستن . هەرلەبەر ئەوە سوپای زەویان دانەبەزاند و شەڕەکەیان لە ئاسمانەوە بردەوە هەروەك جەنگەکەی دوەمی کەنداو . هیچ کام لە جەنگەکان بە ئسولی یاسای دەولی پیڕەو نەکراون ، بەلکو بەشێوەیەکی دڕندانە ئەنجام ئەدرێن . لەئەفغانستان لەلایەن هێزی ئاسمانی حکومەتی ئەمریکیەوە بۆمبای نێودەولەتی قەدەغە کراو بەکارهێنراوە و نوێترین چەك لەم بوارەدا بەسەر سروشت و مرۆڤدا تاقی کراوەتەوە . لەم جەنگەدا بەپێی ئامارەکان چوار هەزار مرۆڤی مەدەنی تێدا کوژرا لەمندال و ژن وپیاو . ئەمریکیەکان شەڕەکەیان بە ئەفغانیەکان خۆیان ئەنجامدا و سەربازی خۆیان نەنارده شەڕەوە . " دوژمنی دوژمنەکەم هاوڕێمە " . خۆ ئەگەر هێزەکانی تالیبان و القاعدە و نمونەکانیان خاوەن دەسەلات و چەك بن لە پرەنسیبدا لەوەی ئەمریکا زیاتر ئەنجام ئەدەن نەك کەمتر . شمشێرەکانی جند الاسلامان بینی کە چۆن سەری ژن و مندال و خەلکی مەدەنی خێلی حەمەیان لەلەشیان جودا کردنەوە . ئەگەر ئەمە مۆدێل و بەرنامەی کۆمەلایەتی پاشەڕۆژیان بێت بۆ خەلکی کوردستان و ناوچەکە ئەوا خەلکی بەدلنیاییەوە بەدوای ئالتەرناتیف و ئایدیۆلۆجیەتی تردا دەگەڕێن .

کێشەی بڕوا نەبوون بە دەسەلات و بە سیاسەت

کێشە و هۆیەکی تری گرنگ هەیە بۆ ئەو دیاردانەی کە ئاماژەم پێداوون ئەویش بریتیە لە کێشەی بڕوا نەبوون بەدەسەلات و بەسیاسەت . سیستەمە تۆتالیتێرەکان هەول ئەدەن بە ڕێگاو یارمەتی ئایدیۆلۆجیەتێك وا تەئسیر لە ژێردەستەکانیان بکەن کە یەکبگرنەوە لەگەل ئایدۆلۆجیەتی ئەو پارت و لایەنە و بەم جۆرە بتوانن شەرعیەت بدەن بە فەرمانڕەوایەتیەکەیان . نازیەت بەرگریی لە دەسەلاتەکەی خۆی بۆ نمونە بەوە دەکرد کە ڕەگەزی ئاریی ئەلمانی بەرزەو ڕەگەزێکی تایبەتە و لەسەرو هەموانەوەیە . ئەگەر هات و میللەت ئەم دواکاری و فکرەیەی بە شەرعی بینی بۆ ئەو ڕژێمە ، و ئەو کاتە بە ئارەزومەندانەی خۆی دوای کەوت ، دەسەلاتەکە دەکرێتە دەسەلاتێکی شەرعی و بەمەش ئەو پارت و دەسەلاتدارە تەوازونی خۆی دەگرێت . لە زۆر لە وولاتاندا کە دەسەلات لە لایەنێکەوە ، یان دوابە دوای یەکدا خراپ بەکار هێنرا خەلکی وای دەبینێ کە دەسەلات شتێکی خراپە و بێ بەختە و خەلکانی تریش بێ بەخت دەکات ، ئیتر هەر لایەنێك بەکاری بهێنێت .

ئەم بیروڕایە ئەوەندە کاریگەر بوە کە کۆمەلانی خەلکی ئەو ولاتە لە مەسەلەی دەسەلاتدا ئیتر سیاسەتیش لەگەلیدا بە شتێکی خراپیان بینیوە . عێراق نمونەیەکی زۆر زیندوە و لەم وولاتە مرۆڤ زۆر جار ڕووی نایەت باسی سیاسەت و حکومەت و دەولەت و دەسەلات و ووشەی شۆڕش و خەبات بکات ، چونکە ئەوەندە سومعەی پێشێل کراوە و درۆ بۆتە بەشێك لەم سستەمە . مانای کەوتۆتە سەر خۆمان ، سەر ئۆپۆزیسیۆن ، و سەر ئێمەی کورد ، بەواتا سەر مرۆڤ خۆی کە سیاسەت بە جۆرێك بکەین و دەسەلات بە جۆرێك پراکتیزە بکەین کە بۆ مەبەستی باش بەکاری بهێنین و بڕوای خەلکی بگێڕینەوە بەرامبەر بە سیاسەت و دەسەلات . وە سیاسەتیش بێ بوونی دەسەلات بەکار ناهێنرێت و بۆ کۆمەلگای مرۆڤ دەسەلات و یاسا پێویستە بۆ ڕاگرتنی ئارامی ناو کۆمەلگا ، چونکە بێ یاسا کۆمەلگا ناڕوات بە ڕێگاوە . بوونی پێویستە ، چونکە مرۆڤ لە مێژووی خۆیدا هەتا ئێستە نەیتوانیوە ببێتە پێکهاتەیەکی ئاشتی ، بەلام یاسا بە مەرجی دادپەروەری و فێرکاری و گەشەکردن . دیکتاتۆرەکانی وەك نمونەی ئەدۆلف هیتلەر . . . دەسەلاتیان بۆ ویستنی ئیرادەی خۆیش ویستوە ، بۆ پراکتیك کردنی ئەو یاسایەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، و بۆ شاردنەوەی کەموکوڕیە کەسایەتیەکانیشیان کە لە پێناویدا بەملیۆن مرۆڤیش دەبنە قوربانی ئەم مەبەستە و هەرزووش مرۆڤ بە داخەوە ڕوداوەکانی دوێنێی لە یاد دەچێت و بیری کورتە بۆ مێژوو . بۆیە ڕێگا گرتن لەیاد نەچونەوەی مێژوو بەپلەی یەکەم ئەرکی دیموکراتخواز و

www.kurdistannet.org
24-8-2003 23:10

ئاشتیخوازان و بزوتنەوەی ئاشتی و ڕۆشنبیرانە . ئێستەش لە ئەلمانیا دوای75 ساڵ ئینستیتوی تایبەت سەرقالی لێکۆلینەوەی سیاسەت و ئایدیۆلۆجیەتی فاشیەکانی نازیەتە و نەك هەر لەو مێژوە خەتەر و ڕەشە دەکۆلێتەوە کە بوە هۆی کوشتن و بریندارکردن و بێ سەروشوێن کردنی دەیان ملیۆن مرۆڤی ئەم سەر زەمینە ، بەلکو لەو مەرجانەش کە چۆن ئەم ڕژێمانە توانیویانە ئەوەندە سال فەرمانڕەوایی بکەن و تەوازونی دەولەت و کۆمەلگا ڕابگرن بەو هەموو جەخت و شەڕ وجەنگەشەوە کەڕوبەڕوی ببونەوە . کەواتە ئەو فاکتەرانە چین کەبۆتە هۆی ئەوەی ڕژێمی عێراقی لەگەل دوو شەڕی کەنداو و شەڕی ئۆپۆزیسیۆنی ناوخۆ و ئابلوقەی ئابوری و زۆری کەش بتوانێت 32 سال چمکی دەسەلاتی لەعێراقدا بەتوندی بگرێت؟ هەر بۆیە گرنگە لە کوردستانی ئازادی خۆشمان ئەم جۆرە ئینستیتوی لێکۆلینەوە و ئەرشیڤە سیاسی و مێژوییانە هەبن بۆ لێکۆلینەوە لە مێژوو وە دیاردەکانی عێراق و کوردستانی عێراقیش و ئەنجامەکانیان بخرینە بەرباس و دانوستاندن کە پێویستیەکی مێژوییی وسیاسی و مرۆییشە کە نەوەکانی ئێستە و داهاتوش کەلکی لێوەربگرن . ئەم تێمایەی کە من باسم لێوە کردوە و کەمێك لێی کۆلیومەتەوە تەنیا دلۆپێکە لە دەریا بەبەراورد بە رامبەر بە مێژووی مرۆڤایەتی کە بەوتەی مێژونوسان لەم پێنج هەزار سالەی دوایدا زیاتر لە 14 هەزار جەنگی بەخۆیەوە بینیوە کە بە پێی بۆچوونی شارەزایان بۆتە هۆی کوشتنی نزیکەی چوار ملیارد مرۆڤ کە دەکاتە 2/3 ی سەرجەم دانیشتوانی ئەمڕۆی سەر گۆی زەوی. پرسیارێکیش لەوەدایە کە ئایا مرۆڤایەتی ئەمڕۆکە بەرەو یەك جیهان دەڕوات ، یان بەرەو جەنگی کولتورەکان مل دەنێت ، وئایا مرۆڤایەتی دەتوانێت لە ئایندەی خۆیدا پێکەوە بەئاشتی بژی وبۆ تەرکیبێکی ئاشتی گەشە بکات ، و ئەوەی سروشت داویەتێ بەیەکسان بەشی بکات و لەیەکتر فێر ببێت و بەو وتەیەش یەکێك لەخزمەتی هەموان و هەموانیش لەخزمەتی تاکەکەدا ؟لە هەموو بارودۆخێکدا کولتوری جەنگ نەهێشتن باشترین ڕێگایە .

سالار حەمە سور باسیرە ئەلمانیا 2002/3

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**